سێ ڕێژە کارمەندانی تاوێری ئێڤێ لە پاریس مانگرتووە و داوادەکەن مووچەکانیان زیادبکرێت

لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەڕێوەچوونی یاریەکانی ئەمپیادی ئەمساڵ، ماوەی سێ ڕێژە کارمەندانی تاوێری ئێڤێ لە پاریس مانگرتووە و داوادەکەن مووچەکانیان زیادبکرێت.

لە پەیامێکدا کە ماڵپەڕی فەرمیی تاوێری ئێڤێ بڵاویکردووەتەوە، داوای لێبووردنی لە سەردانیکەرانی تاوێرەکە کردووە و ئاماژەی بەوەشکردووە، ڕەنگە داخستنی تاوێرەکە چەند ڕێژەکی دیکەش بخایەنێت.

کارمەندەکانی تاوێرەکە جگەلەوەی داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن، گوتووشیانە دەبێت تاوێرە 135 ساڵانەکە نوێبکرێتەوە کە بەشێکی ژەنگی گرتووە.

هاوکات هەڕەشەی بەردەوامیی مانگرتنەکان دەکەن و ڕایانگەیاندووە، مانگرتنەکەیان ڕەنگە بە ماوەی چەند ڕێژەکی دیکە یان چەند هەفتەیەکی دیکەش بەردەوام بێت تاوەکو داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت.

ئیمانوێل گریگۆر، جێگری سەرۆکی شارەوانیی پاریس لەبارەی مانگرتنی کارمەندانی تاوێری ئێڤێ گوتی: "پێشبینی دەکەم بەزووترین کات کەمپانیای بەڕێوەبەری تاوێرەکە کێشەکە چارەسەر بکات".